وەزیری ناوخۆی عێراق سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانی ئەمنی دەکات

ئەمڕۆ شەممە "عەبدولئەمیر شەمەری" وەزیری ناوخۆی عێراق،بەئامادەبوونی ژمارەیەک فەرماندەو ئەفسەر،سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانکراوی کرد.

وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە :- ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆ بەئامادەبوونی "بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ژمارەیەک لە فەرماندەو ئەفسەر،لە بارەگای ئاژانسی وەزارەت بۆ کاروباری پۆلیس، سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانکراوانی کرد .

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- لەم کۆنفرانسەدا باس لە میکانیزمەکانی چاکسازیکردن لە بنکەکانی پۆلیس و پەرەپێدانی کارکردنیان کرا لە هەردوو لایەنی تەکنیکی و کارگێڕییەوە، بە ئامانجی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە ئەمنییەی کە وەزارەتی ناوخۆ بەنیازە جێبەجێی بکات.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە :- ئامادەبووان گفتوگۆیانکرد لەسەر هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە بەهێزکردنی هەوڵی هەواڵگری و ئەمنی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان، کە ئەم هەنگاوە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر شەقامی عێراقی لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئاسایشی ناوچەکە.